ڕێگای کوردستان
دووشەممە 4ی حوزەیران (یۆنیۆ) ی 2001 ژمارە (456) ساڵی (57)

# جووتیار، ئەو چینە فراوانەی هەمیشە بەشیان دەخورێ !

## خالد دەربەندی

جووتیاری کورد، وێڕای ئەوەی کە لە هەموو شۆڕشو ڕاپەڕینێکدا داینەمۆی خەباتو وزەی لە بنەهاتووی هەموو بیروبۆچوونێکی شۆڕشگێڕانە بووە، هەمیشەش ئەو سەربازگە گەورەیە بووە کە پێشمەرگەی بەرهەمهێناوەو تیای حەساوەتەوەو برینەکانی سارێژ کراوەو گواستراوەتەوەو پڕ چەك کراوەو هێڵی پەیوەندی نێوان دەرەوەو ناوەوەی شۆڕش بووە. بەڵام زۆر لە مێژیشە بە جۆرەها شێوازی چەوساندنەوە، چەوسێنراوەتەوەو (باری گران) بۆ ئەوو (بەشی شێر) بۆ خەڵكانی تر بووە.

ئەو چینە بەرهەمهێنەرە سەرکییەی کۆمەڵگای کوردەواری کە خاوەن مێژوویەکی پڕ سەروەری قوربانیدانی سەرو ماڵین،و خواستەکانیان زۆر لە قوربانیەکانیان کەمتر بووە، بەڵام تاکو ئێستا هیچی نەهاتۆتە دی، دیارە تاکە داخوازیی جووتیاری کورد هەر ئەوە بووە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان یاسایەك بێتە کایەوە، بەرگری لە هەنجاندنی پشتو بازووی شەکەتیان بکات بەڵام جێگای داخە تاکو ئێستا (زۆر گوتراوەو کەمیشی نەهاتۆتە جام).

جووتیاری کورد لە ڕاپەڕین بە دواوەو گەورەترین هەڵمەتی کۆڕەویان بۆ لادێ وێرانەکانیان دەست پێکرد، لەماوەیەکی کەمدا لادێ وێرانەکانیان ئاوەدانکردەوە، زەوی و مەزارەکانیان خۆشە کردەوە بە هەموو هێزێکەوە خۆیان کردووە بە هێزی بەرهەمهێنەری وڵات.

بەڵام ئەم دۆخە مزگێنییەکی شاگەشکەگری نەبەخشی بەو هێزە لە بنەهاتووەو جارێکی تر بوونەتەوە بە مشەخۆر لەسەر ئەو داهاتە کەمەی بەدەستیان هێنابوو دووری ڕێگاو بانو ناهەمواریو گرانی، وەك مێوانێکی درێژدار خۆی کرد بە ماڵی جووتیارانداو نەبوونی کەلوپەلو پێداویستی جووتیارانو باجو خەرجی بێ ئەژمارو پشت کردن لە جووتیارانی کورد، بوون بە بارێکی قەبەی هەڵنەگیراوی سەر پشتی جووتیاران.

ئەم فاکتەرانە بوونە هۆی ئەوەی جارێکی تر کۆچی جووتیاران لە لادێکانەوە بەرەو پێدەشتەکانی کەناری شارەکان دەست پێبکاتەوەو هەوارو بەهاریان لێ گۆڕایەوە.

دەبێ جووتیار چ پیشەیەك بکات، جووتیار هەر جووتیارە، مرۆ کاتێ بە شوێنێکی بەهارییدا گوزەرە دەکات تەنها چێژ لە جوانی ئەو شوێنە بەهارییە وەردەگرێ، کەم کەس هەیە ئاو و سەوزاییو ڕووی جوانی نەوێت، بەڵام کەس هەیە هێندەی جووتیار هەستی بۆ ئەو سێ شتە ببزوێت، کەچی لەمێژووی تەمەنی جووتیاری کورددا ئەو سێ شتەی پێکەوە دەستەبەر نەکردووە، جووتیاری کورد نە خاوەنی ئاوە بۆ ئاودێریو نەخاوەنی پارچە زەوییەکە بیکابە سەوزاییو نە لەمێژووشیدا ڕووبەڕووی ئەو دەموچاوو ڕووە خۆشە بۆتەوە کە چەپکە گوڵێکی دابێتە دەست.

جووتیاری کورد ئەمرۆ نانەوایەو گۆشتی دەدرێتێ، یان قەسابەو نانی پێ دەکرێ.

تاکو ئەمرۆ مامەڵە لەگەڵ جووتیاری کورددا بەو جۆرەیەو (بەری سور) و لە ڕێی شێخزادەکاندا رادەخرێ.

لەم نووسینەو لەو ڕۆژنامەیەکی هەفتانەدا ناشێ بە تەواوی باسی گوزەرانی جووتیار بکرێ، بەڵام وەك نموونەکەی (مشتێ لە خەرواری) چەند ناوچەیەك بە نموونە باس دەکەین.

هەر لە پردی قەندیلی بناری بێخمەوە تاکو کەڵەکی یاسین ئاغاو دەشتی بەرانەتیو دەشتی هەولێر، بە هەزاران جووتیاری کوردی تیا بڵاو بۆتەوەو ساڵانە ورگی ئەو زەویانە هەڵدەدرنو بەرهەمەکانی دەنێرنە بازاری شارەکانو هەموو وڵات سوودیان لێ دەبینێ، بەڵام تاکە چین کە لەو داهاتە بێ بەشە خودی جووتیار خۆیەتی.

لەم سنورە پانو بەرینەی ئاماژەمان پێکرد تاکو ئەمرۆ دوو شێواز هەیە کە جووتیارو زەویدار دەگەیەنێتە یەك، هەردوو شێوازەکەش بۆ جووتیاران، (دوژمن لەماڵ ناهومێد)ە.

شێوازی یەکەم: نیوەکاری، ئەم شێواز لەم سنوورەدا

بە شێوازی پلە یەك دەناسرێ، لەبەر ئەوەی زۆربەی جووتیاران لەبەر نەبوونیسەرمایە بەم شێوازە لەگەڵ زەوی دارەکاندا دەگونجێن.

لەم شێوازەیەدا کۆمەڵە ئەرکێکی زۆر بەسەر جووتیاراندا سەپێنراوە کە مەگەر هەر جووتیار لەبەری هەستێتەوە، دەنا وەك ئەرکی شۆڕشگێڕێتی کەس لە باری ئەو بارەدا نییەو هێندە بەخشندە نابێت.

ئەرکەکان:

- دەبێ جووتیار نیوەی پارەی کێڵانی زەویو پەین کردنی مەرجدارو نرخی کارەباو گاز ئۆیەلو کرێکار گرتنو زەوی پاککردنەوەو تۆوەکانی چاندنو ئامێرە بەکار هاتووەکانو گواستنەوەی بەرهەموو شەتڵ کڕینو کەلوپەلە پێداویستیەکانی وزەی کشتوکاڵ بدات.
- نابێ ئەو جووتیارەی کە دوو وەرز لەسەر زەوییەك شینایی دەکات، هەردوو وەرزەکە لە یەك شوێندا کار بکات، بەڵکو دەبێ بۆ پەینکردنی زەویەکە بۆ بەرژەوەندی زەوی دار، هەر ساڵەی لە شوێنێك شینایی بکات.
- ئەو پەینو تۆو دەرمانە کشتوکاڵیانەی بۆ (ئافات) بەکار دێو ئامێرەکانی تری کشتوکاڵ کەڕێکخراوی (فاو) دەیدا بەو جووتیار، پەیوەندی بە جووتیارەکەوە نەبێتو جووتیار لە بەرامبەردا ئەوانە بە پارە بەکار بێنێتەوە، چونکە زەوی دار خۆی بە خاوەنی ڕەوای دەزانێ.
- زۆر جار زەویدارەکان داوا دەکەن ببنە هاوبەش لەو مریشكو جووجەڵانەی کە کابانی جووتیار بەخێوی دەکات بەو بیانووەی کە گوایە لەسەر زەوی ئەو بەخێو دەکرێ.
- زۆر جار زەویدارەکان مامەڵەی نانکردنی ماڵی زەوی دار بەسەر ماڵی جووتیاردا دەسەپێنێو وەك مەرجێك مامەڵەی پێ دەکەن.
- مەرجێکی تر کە بەسەر جووتیاراندا دەسەپێنرێ، ئەویش نەبەخشینەوەی بەروبوومە بۆ دۆستو دراوسێو تەنانەت مامەڵەی هاتووچۆ نەکردنی خزمو خوێشی تێ دەکەوێ.
- دەبێ جووتیار چۆن زەویەکە بە پاکگژی لە زەوی دار وەردەگرێ لە کۆتایی وەرزەکەشدا، بەو شێوەیە بە پاکگژی بیداتەوە زەوی دار.
- ئەمەیە ئەرکەکانی جووتیار بەرامبەر بەزەوی دار.

جووتیارێك ئەم هەموو ئەرکو مەرجانەی بەسەردا بسەپێنرێ، دەبێ چی بە دەست بێنێ ؟!

کەم جووتیار هەیە لە کۆتایی ساڵدا وەك کورد دەڵێ: (ماڵداری کاری ڕەنجبەخەسار) نەبێ.

شێوازی دووەم: کرێ گرتەی زەوی، ئەم شێوازەیە بە ڕێژەیەکی زۆر کەمتر لە شێوازی یەکەم کاری پێدەکرێ، لەبەر دوو هۆ:

- زەوی دارەکان شێوازی یەکەمیان سوودمەندترەو تا لە توانایاندا بێت هەوڵ دەدەن بەو شێوازە زەویەکانیان بەکار بخەن.
- لەبەر نەبوونی پارە بۆ بەکرێ گرتنی زەویەکان، ڕوو لە شێوازی یەکەم دەکەن.

لەم شێوازەدا زەویدار بڕی چەند دۆنمێك زەوی بۆ جووتیار دەستنیشان دەکاو لە بەرامبەر هەر دۆنمێکدا لە (800تا 1500) دینار نرخی بۆ دادەنێت، واتە ئەگەر جووتیارێك (10) دۆنم زەوی بەکرێ بگرێ، دەبێ لە (10 تا 15) هەزار دینار کرێ بداتە خاوەن زەویەکە، ئەمە وێڕای ئەو هەموو خەرجییەی کە لە زەوییەکەی دەکات، دیارە لە کۆتایی وەرزەکەشدا جووتیار هەر (بەتای تەقلە) دەچێتە دەرەوە.

چ داخو کە سەرو کۆست کەوتنێکی گەورەیە، ڕەنجی هەزاران هەزار خێزانی جووتیاری کورد ساڵانە بە فیڕۆ بڕواتو تاکەی جووتیاری کورد ماڵداری کەری ڕەنج بەخەسار بێت، ئەمە بە ژیانی ئەو چینەی کە کۆمەڵگا بنیات دەنێتەوەو بەردەوامی بە ژیان دەداتو وڵات ئاوەدان دەکاتەوەو قوربانی دەدات. کەچی تا ئێستاش ئاوڕێکی بە خێری لێ نەدراوەتەوە.

ڕێکخراوی فاو ئەوا چەند ساڵێکە کەلوپەلی کشتوکاڵی دێنێتە کوردستانو دابەشی دەکات، بەڵام نا زانێ دەیداتە کێ !، ئەگەر بە ناسنامەی زەوی‌دار نەبێ، جووتیار ناناسرێ، هەقە چاوێك بەو کارەدا بخشێنرێتەوەو کەمێك لە ئازاری ئەو چینە کەمبکرێتەوە کە مایەی ژیانی هەمووانن





# نرخی شتو مەك لە بازاری هەولێر

**بوونی سیستەمی نرخ دانان لەسەر کەلوپەلو شتومەکی بازار کارێکی گرنگو کاریگەرە بۆ ڕێکخستنی نرخی هەموو شتومەکێك هەرچەند لە وڵاتێك کە دوچاری ئابلوقەی ئابوریو هەڕەشەی دیکتاتۆری هاتبێت ئەنجامدانی ئەم کارە ئاسان نییە، بەڵام زۆر شت هەیە لە توانادایە بکرێت یاخود سنوری بۆ دابنرێت بە مەبەستی ئاگادار بوون لە نرخی هەندێك خواردەمەنی لە شاری هەولێر ئەم ڕیپۆرتاژەمان ئامادەکرد.**

## ئا/ هیوا مستەفا

سەبارەت بەنرخی گەنموجۆ لە بازارەکان کاك حەسەن گوتی:

ئەمساڵ جیاوازیەکی باشی هەبوو لەگەڵ ساڵانی ڕابردوو سەبارەت بە گەنموجۆ بە تایبەتی ئەگەر بەراوردێك بکەین لەگەڵ ساڵی ڕابردوو، ئێستا نرخی هەریەك لە گەنمو جۆ چەند جۆرێك ئەوانیش بەدەرەجەن گەنمی باش کیلۆی بە 1.700فلس جۆری تریش هەیە بە کەمتر. سەبارەت بە جۆ، باشەکەی بە 1.500فلس جۆرەکانی تریشی هەرزانترە بەڵام لە ساڵی ڕابردوو نرخی کیلۆی گەنم (2) دینار بوو هەروەها نرخی جۆش (2) دینار بوو.

- هۆکاری ئەم بەرزبوونەوە بەچی بوو، لە ساڵی ڕابردوو باران کەم بوو بەرهەمەکەش کەبوو وەك دیارە نرخی جۆ زۆر بەرزبۆوە ئەویش لەبەر ئەوە بوو هیچ شتێك نەبوو حەیوان بیخوات بگرە(کا)ش گران ببو نرخی (1) کیلۆ کا گەیشتە (5) دینار.
- ئەمساڵ حکومەتی هەرێم بڕیاری داوە کە گەنمو جۆی جوتیاران بکڕێتەوە ئایا نرخی لە بازارەکاندا چۆن دەبێ؟

+ پێم وانییە نرخەکەی لەمەزیاتر دابەزێ، چونکە یەك تەن گەنمی باش بە (1700) دینارە یەك تەن جۆی باش بە (1500) دینار گەر لەم نرخەش زیاتر دابەزێ بازارەکە نامێنێ.

هەر لە نێو بازاری علافان هاووڵاتییەك کە بۆ کرینی گەنم هاتبوو گوتی: سەبارەت بە نرخی گەنم کەمن وەك هاووڵاتیەك هەموو جارێك بەکیلۆ دەیکرم بەڵام بەڕای من نرخەکەی زۆرە چونکە ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ساڵی ڕابردوو کە بەرهەم زۆر کەم بوو بەلام کیلۆی گەنم لە (2) دینار تێپەری نەکرد کەچی ئەمساڵ چەندین جار بە قەد ساڵی ڕابردوو هاتبوو کەچی نرخی تەنها (300) فلس دابەزیووە زەحمەتیشە مرخەکەی لەوە زیاتر دابەزێ تەنها ئەوە نەبێ گەر حکومەت گەنمو جۆکە لە جووتیاران بکرێتەوە هەوڵ بدات بە نرخێکی کەمتر بە خەڵکی بفرۆشێتەوە.

پاشان لە نێو بازاری دانەوێلە بەرەو بازاری قەسابەکان بەرێ کەوتین بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی نرخی گۆشت لە ناو بازارەکاندا بزانین.

کاك نازم لەم بارەیەو گوتی:

ئەوەی ئاشکرایە نرخی گۆشت لە بازارەکاندا نرخێکی دیاری کراوی لەسەر هەیە ئەویش گۆشتەکە گەر نەرمك بێت بەبێ ئێسك بە 44دینارە گەر ئێسکی لەگەڵدا بێت کیلۆی بە 32 دینارە هەندێ جاریش گۆڕانی تێدا ڕوودەدات.

- دەکرێ بزانین هۆکاری بەرزبوونەوەی گۆشت لە بازارەکاندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

+ هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بە دەرچووی مەروماڵات بۆ دەرەوەی کوردستان جا گەر بەربەستێکی تەواو هەبێت لە بەردەم ئەم ڕۆیشتنە بێگومان نرخەکەی دادەبەزێت حالی حازر چەند ڕۆژێکە نرخەکەی باشتر بووە.

- لەکاتی بەرزبوونەوەی نرخ کێ نرخەکە زیاد دەکات؟

+ دانانی ئەونرخە خۆی لە لایەن پاریزگاوە دەرچووە بەڵام لەکاتی بەرزبوونەوە یا ئەوتا بڵێین لەکاتی بردنە دەروەی مەروماڵات گۆشت فرۆشەکانی خۆیان نرخەکە بە ناچاری بەرز دەکەنەوە چونکە گەر وانەکەن زەرەرێکی زۆر دەکەن.

هاووڵاتیەکی گۆشت فرۆش گوتی:

خۆتان ئاگادارن کەنرخی کیلۆیەك گۆشت چەندە تا ئێستا شی لەگەڵدا بێت زۆر خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت هەیە کەتوانای کرینی گۆشتی نییە پێشتر بیانویان ئەوە بوو کە ئاژەل گرانە خاوەن ئاژەڵیش دیگوت جۆ گرانە بە هەر حاڵ خۆ شوکر ئێستا ئەمانەش هەرزانن نازانم بۆ نرخەکەی هەردەم لە بەرزبوونەوە دایە پاشان ئەو نرخەی کە لەلایەن پاریزگا دانرا لەکاتێك دابوو کە باری ئابوری کوردستان زۆر جیاواز بوو نازانم بۆ ئەونرخە هەروەکو خۆی مایەوە کەم نەکرایەوە لە کاتێکدا هەر قسەیەك بکەیت دەڵێن کاکە ئەوە نرخی پاریزگایە ئەی بۆچی لەکاتی گران بوون نرخی پارێزگا نرخ بەرزدەبێتەوە جا بۆیە پێویستە چاوێك بەونرخە بخشێنرێت بۆ ئەوەی هەموو خەڵکێك توانای کرینی هەبێت.

سەبارەت بە نرخی سەوزەو میوە لە بازار كاك خالدی سەوزە فرۆش دەڵێ:

من وەكو سەوزە فرۆشێك قسە لەسەر نرخی سەوزەو میوە دەکەم دژی ئەوەی کە گومرك لە ڕێگای کەرکووك گواسترایەوە بۆ ڕێگای موسڵ لەگەڵ گواستنەوەی گومرگ نرخی کرێی هێنانو بردنی سەوزەو میوە لە گومرگەوە بۆ بازارو شوێنەکانی گەرەکە دوورە دەستەکانی شار زیادی کرد ئەمەش کاریگەری خۆی لەسەر نرخی سەوزەو میوە هەبووە بۆیە پێم باشە لە هەر شوینێك کە پیویستی کرد عەلوەیەك هەبێ یا بکرێتەوە بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر بەرزبوونەوەی نرخەکە نەبێ چونکە ئێستا ئێمە لە هەر کیلۆیەك 650 فلس بۆ کرێی هێنانی سندوقێك تەماتە یاخو هەر میوەیەکی تر دادەنێین بۆیە ناچار دەبین نرخەکەی زیاد بکەین کە ئەمەش لە بەرژەوەندی خەڵکی هەژارو کەم دەرامەت دا نییە. ئەمە جگە لەوی ئێمە حەز دەکەین کەنرخی هەموو سەوزەیەك لە ئاستی ئەوە دابێ کەخەڵك پێی بکردرێ بەمەش ئێمە ڕۆژانە زۆرترینی لێ دەفرۆشین، هۆکارێکی تریش بۆ بەرزبوونەوەی ئەوەیە کە شارەکانی تری کوردستان بەژمارەیەکی زۆر ڕۆژانە دێن میوە دەبەن ئەمەش وا دەکات نرخەکە بەرز بێتەوە بۆ نموونە من ئەمرۆ چوومەتە گومرك نەمتوانی قەیسی بکڕم لەبەر ئەوەی نرخەکەی بەرزبۆتەوە ئەمەش وای کردووە کە ئێمەش تیایدا زەرەرمەندبین چونکە لەکاتی بەرزبوونەوەی نرخ بەپێی پێویست نافرۆشرێت پاشان بە سەرماندا دەمێنێتەوە ناچار دەبین بە نرخێکی کەمتر لەوەی کە کڕیومانە بیفرۆشینەوە.

پورە شوکریە لە بارەی نرخی سەوزەو میوەوە دەڵێ: گوێم لێ بووە دەڵێن نرخی تەماتە و خیاریش گران دەبی، وەڵا بابە ئەوە خۆشە نۆرەی ئەو بەزمەیە بە هەزار ناوی عەلی هەتا دوو سێ دیناران پەیدا دەکەین ئەوجا هەر بەشی تەماتەو خیاری دەکا هەنجەتیان پەیدا کردیە دەرێن گومرگ گواسترایتەوە لۆیە گران بووە، ئەوجا خۆ ئەمن نەمگۆتیە بیگوازنەوە جا داوا لە مەسولان دەکەم چارەکمان لۆ بکەن هەر ئەوەندە مایە لەمارێ دانیشین نانو ئاوی بخۆین.

سەبارەت بەنرخی ماست کاك محمد گوتی:

سەبارەت بەماست کە لە سەرەتای نێرینەی بەهارە کەگیا سەوزە ئە لەوکاتە شیر زۆرە واتە ماستیش لە بازارەکانی زۆر دەبێ نرخەکەی لە (2) دینار تا (3) دینار تێپەڕ ناکات پاشان بەرەبەرە شیر کەم دەبێت لەگەڵ کەم بوونەکە نرخی ماست بەرز دەبێتەوە بە ئەوەندەی سعری پێشوو بەڵام لەکاتی کەگیاو شك دەبێت پەرێز پێ دەگا شیر زیاد دەکاتەوە وا دەکات نرخەکە کەم بێت بەڵام ماستی ئەو کات دوای پەرێز زۆر چاکترە لەماستی پێشوو گەر بێتو فێڵی تێدا نەکەن چاکترین ماست لەو کاتەیە.

- ئایا ئەو شیرەی بەرهەم دەهێنرێت بەشی ناوەخۆ دەکات؟

+ بەڵێ گەر هەول بدەین شیرەکە ڕیگەی نەدەین بچێتە دەرەوە ئەوە نرخەکەش بەم شێوەیە زۆر بەرز نابێتەوە

- لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر نرخی ماست جیاوازی هەیە؟

+ ئێمە چەند جۆرێك ماستمان هەیە بەڵام گەر مەبەست ئەوە بێ کەیەك لە جۆرە ماستەکان بۆ نمونە ماستیمەڕی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر جیاوازی هەبێت ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەندێ فێل لە ماستەکە دەکەن تێکەڵاوی ماستی تری دەکەن کە پێم وایە خەڵکی خۆیان زۆر باش ئەمە دەزانن.

